# دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

وانەی نۆیەم بەراورد لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکان و چالاکییەکانی دیکە:

# جیاوازی لەنێوان پەیوەندیە گشتییەکان و پەیوەندیە مرۆییەکان

- جیاوازی لەنێوان پەیوەندیە گشتییەکان و پەیوەندیە مرۆییەکان هەیە:
- پەیوەندییە مرۆییەکان جەخت لەسەر توخمی مرۆیی و بایەخە مرۆییەکان دەکاتەوە.
- بایەخ بە تەواوکاری نێوان تاکەکان لەچوارچێوەی کارکردن دەدات بەو بەهاندانیان بۆ ئەنجامدانی کاری بەرهەمدارو بەرزتر بەهاریکاری، لەگەڵ تێرکردنی پێویستە سروشتی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان.
- مەبەست لە رەچاوکردنی بایەخە مرۆییەکان لەکارکردندا ئەوەیە کە کارگێڕی رەچاوی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لەژیاندا بکات.

- (سكوت Scott) واى دەبينێت كە پەيوەندييە مرۆييەكان ئاماژەيە بۆ پرۆسەى هاندانى تاكەكان لە هەڵوێستێكى دياريكراودا.
- بەشێوەيەكى كارا ببێتە هۆى گەيشتن بەهاوسەنگى لە ئامانجەكان و رەزامەندى مرۆيى زياتر بەدەستەوە بدات، كە يارمەتى وەديهێنانى داخوازى پرۆژەكە دەدات.
- واتە پەيوەندييە مرۆييەكان دەبێتە هۆى زيادبوون لە بەرهەم و زيادبوون لە چالاكيي رێكخراوەكان و تاكى بەختەوەر لەكارەكانيان هەست بە رەزامەندى دەكەن.

# پەیرەوکردنی پەیوەندییە مرۆییەکان سێ ئامانجی سەرەکی بەدی دەهێنێ: بریتیین لە

- کار کردن لە پێناو گەشەپێدانی گیانی هاوکاری لەنێوان تاك و کۆمەڵەکان لەچوارچێوەی کاردا.
- هانی تاك و کۆمەڵەکان بدات بۆ بەرهەمهێنان.
- تاکەکان توانادار بکات بۆ تێرکردنی پێویستیە ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانیان.
- ئەگەر کارگێڕی توانی ئەم ئامانجانە وەدی بهێنێت ئەوا ئەنجامەکە بە سەرکەوتنی هەوڵی بەکۆمەل دەبێت بۆ تاکەکان لەچوارچێوەی کاردا، بۆیە دەکرێت پێناسەی پەیوەندییە مرۆییەکان بەکورتی بکەین بەوەی
- گەشەپێدانی هەوڵی بەکۆمەڵە بۆ ئەوەی پرۆژەکە بەرهەمدار بێت بۆ تاکەکان لەهەمان کاتدا.

# جیاوازی نێوان پەیوەندییە گشتییەکان و ڕاگەیاندن:

- مەبەست لە ڕاگەیاندن بڵاوکردنەوەی راستییەکان و راوبۆچوونەکانە لەنێوان جەماوەری دەستە و دامەزراوەکەدا، جا جەماوەری ناوخۆیی بێت یان دەرەکی دامەزراوەکە و لە ئامرازە بنەڕەتییەکانی ڕاگەیاندن رۆژنامەگەری و ئیزگە و سینەماو تەلەفزیۆن و وانە و کۆڕەکانە.
- بەڵام پەیوەندییە گشتییەکان ڕاگەیاندن و رازیکردنە پێشکەش بە جەماوەر دەکرێت.
- هەوڵێکە دەدرێت لەپێناو گونجان و تەواوکاری لەنێوان ئاراستە و هەڵسوکەوتی هەریەك لە رێکخراوەکە و جەماوەرەکەی.
- ڕاگەیاندن بە بەشێکی بنەڕەتی و ئامرازێکی گرنگ لە ئامرازەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دادەنرێت لە پڕۆگرامەکەی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی.

# جیاوازی نێوان پەیوەندیە گشتییەکان و ڕیکلام:

- هەڵمەتەکانی ڕیکلام چەندین ئامرازی گەیاندنی ئامانجدار بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی کڕیاران بۆ ڕیکلامکردن لەبارەی فرۆشتن بەکەمترین نرخ
- )پ گ( لە ڕیکلام جیاوازە لەڕوویەکەوە کە ریکلام پەنا بۆ کڕینی ڕووبەرێك لە چاپەمەنییەك دەبات، یان بەشێك لە کات لە ئیزگە و تەلەفزیۆن، ئەمەش لەپێناو دەربڕینی تێڕوانین یان ڕیکلامکردن بۆ فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، کە لەوانەیە لەگەڵ تێڕوانینی بڵاوکەرەوەکە یان بێژەرەکە بگونجێت یان نەگونجێت، لەبەرئەوەی خوێنەر یان گوێگر پەیامێك وەردەگرێت کە پارەکەی دراوە.
- لەوانەیە هەندێ ڕیکلام ناوبانگێکی باش بە کارگەکە یان کاڵاکە یاخود خزمەتگوزاریەکە ببەخشێت.
- هەربۆیە ڕیکلام بە هۆکارێکی یاریدەدەر دادەنرێت بۆ پڕۆگرامەکانی )پ گ( لەگەڵ ئەوەشدا ڕیکلام لە )پ گ( جیاوازە، ئەگەرچی ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەرنامەکانی )پ گ( دەبینێت.

# جیاوازی نێوان پەیوەندییە گشتییەکان و پڕوپاگەندە:

- هەندێك پەیوەندییە گشتییەکان و پڕوپاگەندە تێکەڵ دەکەن، ئەم تێکەڵییەش بۆ یەکێتی ئامانجەکانی دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندی لەگەڵ رای گشتی و هەوڵدان بۆ گەلاڵەکردنی و هەموارکردنی و کارتێکردنی.
- پڕوپاگەندە یەکێکە لە جۆرەکانی گەیاندن و کاریگەری، وەك هێزێك بەکاردەهێنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی بیری تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاراستەکردنیان بەولایەی کە بۆیان دیاری کراوە لەڕێگەی ئیستیغلال کردنی سۆزو ئارەزووەکانیان.

# ڕیکلام جیاوازە لە پڕوپاگەندە

- ڕیکلامکەر کەسایەتی خۆی ئاشکرا دەکات و داوا لە خوێنەر یان بینەر وبیسەر دەکات رەفتارێکی دیاریکراو بنوێنێت، بەڵام لە پڕوپاگەندەدا وەرگر ناتوانێت سەرچاوەی زانیارییەکان دیاری بکات.
- پڕوپاگەندە کار دەکات بۆ پێکهێنانی هەواڵەکان و شاردنەوەی یان گۆڕینی هەندێ راستی، بەم وەسفەش بێت ئەوا ئامرازێکی جیاکەرەوەیە تەنیا ئەو زانیاریانە بە جەماوەر دەبەخشێت کە تێڕوانینی بەرپرسان لەبارەیەوە کۆکە بەهەر نرخێك و هەر ئامرازێك بێت.
- بەڵام (پ گ) لەڕێگەی هەواڵی راستگۆ و فێربوون و مومارەسەوە کار بۆ رازیکردنی جەماوەر دەکات لەسەر بنەمای متمانە و تێگەیشتنی بەرهەمدار.